# (( سێبەری پێنج هەزار گوڵەگەنم ))

لارزۆ بەکر

لەو ساتە... وەستانی چرکەی زمانێکی هەتایی
هەڵۆیەکی زامداری و پێدەشتی شارەزووریت ،
سنووری گومانی سنوور دەشکێنی و
لەخۆڵەمێشی ئاوێنەیەکدا سەیری خۆت دەکەی .
تۆ... بە کەژاوەی زامێکی نەمریدا وێڵی و
پێڵووی چاوت مێژووی تەمەنی هەزاران پەپولەیە.
تۆ ... پەشۆکاوێکی ، نەفەسی درێژت
سێـبـەری پـێـنـج هـــەزار
برینی لەبننەهاتووی گلاّن و سازان و عەنەبی ،
تۆ ... ڕاستییەکی گومـــاناویت و
لێوی شەهیدت بە پەمۆی ڕەنگ تەرکراوە
ڕاسپاردەیەکی لەمێژینەیت...
جەستەی فریشتە ئاسا بەدوای خۆتدا ڕادەکێشی
کەچی ڕەنگ ڕێنادا ... پێڵو هەڵبێنی
بـــەڵـــێ... بـەڵـــــێ ....
لەرۆژ ئاوای (( بـــەمـــۆ )) ...
باشووری (( شنرویّ )) و (( شاهۆ ))
پێنج هەزار نۆتە سامفۆنیای کۆچ
لە گزنگی ( 16_3 ) دا
جەستە دانەبڕاوەکانیان درانە دەم سیروانەوە
ئا لەو ڕۆژەو لەو ساتەوە
بەگوێی ناخی سنوری جیهانێکی تەنیایان سپاردن
تۆ ... سنوری گومانی سنور دەشکێنی و
لەخۆڵەمێشی ئاوێنەیەکدا سەیری خۆت دەکەی
تـــۆ ... تابوتی شەهیدی خواییت
ئەمیش پەروازەی کیشوەرێکی نێژراوە
تۆ جستەیەکی شەکەتیت و بەستەلەک
لەژێر هۆبەی  مێژووێکا ڕاکشاوی
ئەمیش ئێوارەیەکی خەوتوی
ژێر عەرشی ڕەشماڵێکی خواجەییو
ڕۆشنایی کزە مۆمێ نابەخشێ.
هـــــۆ هـــەلـــەبـشـــیـما
تۆ چەپکێ فرمێسکی ڕابردومانی و... خۆری ئایندەمانی
پێنج هەزار زامی شکۆداری....
ڕازێکی روناکیت و..وەک بارانی سەربە قەپوچک
ڕژایتە نێو کێڵگەی گوڵەگەنمەکانمان

**کڕوزێکی و دانە دانە**
**ژانی تەمەنێکی نێو پەراسوەکانی**
**تۆ هەناسەی سەردەمێکمی**
**تۆ کفنی بادینان و تابوتی ئەنفالی**
**نازناوێکی شاراوەو وتارێکی هەڵبڕاویت**
**چەمێکی وون و دەنگێکی ڕاونراویت**
**ئێستا ... سواری خەمێکی شێتی و**
**تەرمی شەپۆڵ تارای بوکێنیت پینەدەکا**
**زامێکیت لە شۆڕاوگەی سەدان زامی**
**هاژەو پشکۆو ئاسۆ هەڵێندراوی**
**تۆ ... نۆبەرەی پەرتوکێکی تۆزاویت و**
**قوڵترین بیرەوەری دەرونو ناخیت**
**تۆ ... داستانێکی ژاکاویت و**
**هەرێمی گۆپکەلانەی دەیان ،**
**شاعیرو هونەرمەندو قارەمانی**
**ئێستا مێرگی پڕ حەزی ڕاکشاوت**
**گەلای وەریوی هەنارەکان**
**هێوەر هێوەر (( گوڵان ))ی بۆ داپۆشیوی**
**ئێستا کوڵانێکی ئەفسوناویت**
**(( کانی عاشقان )) ڕووەو یادەکانت دەست لە چۆکە**
**ئێستا (( عەنەب ))ت چاوەکانی لەترێی جێماوی ،**
**پایزێکی درەنگ وەخت دەچێت**
**تـــــــۆ .....**
**سنوری گومانی سنور دەشکێنی و**
**لە خۆڵەمێشی ئاوێنەیەکدا سەیری خۆت دەکەی**
**هۆ دایکی بێلانەم**
**هۆ باوکی جوانەمەرگم**
**هۆ خوشک و برا گۆرغەریبم**
**هۆ هەڵەبشیما**
**هۆ هەڵەبشیما...**

**بابەتەکەم لە گۆڤاری گزنگ بڵاوبۆتەوە لەکاتی خۆی بەناوی تۆ..هەڵەبشیما**
**بەلام ئێستا بەدەستکاریەکی بچوکەوە دوبارە پێشکەشتانی دەکەمەوە..**

larzobaker@hotmail.com